سەرۆك کەمار و سەرکی سوریا پیرۆزبایی جژنی رەمزان دەکەن

سەرۆك کەمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ چوارشەممە 10-4-2024 بەبۆنەی جژنی پیرۆزی رەمزانەوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە بەشار ئەسەد سەرکی سوریاوە پێگەیشت.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی سەرکایەتی کەمار لە میانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا پیرۆزبایی و جژنە پیرۆزە لێنەوان هەردوو سەرکدا ئاوگۆڕ کرا و سەرۆك کەمار و سەرکی سوریا هیوای پشکوتن و خۆشگوزەرانی زیاتریان بۆ هەردوو گەلی برا دەربڕی.

هەروەها جەختکرایەوە لەسەر پێویستی پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان، بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات لە بواری جیاجیاکاندا بکات.

هاوکات سەرۆك کەمار ئاماژەی بۆ گرنگی سەقامگیری و پاراستنی ئاسایشی سوریا کرد لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی سوریا لە ژینگەیەکی ئاشتی و ئارامیدا.

هەردوو سەرۆك جەختیان لەسەر پێویستی راگرتنی دەستدرێژییە بەردەوامەکانی سەر غەززە کردەوە، هەروەك پێویستی گەیشتنی کۆمەکیان بە گەلی فەلەستین دوپاتکردەوە رایانگەیاند، دەبێت کۆمەگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتییە یاسایی و ئەخلاقییەکانی لەئەستۆبگرێت.